# کێ بوون ئەو ژنانەی خۆیان سووتاندو کەسیش ئاوڕی لێنەدانەوە؟



ئاری ڕەفیق *

بۆ گوڵان نووسیویەتی

خۆسووتاندنی ژنان یەکێکە لەگەورەترین کارەساتە کۆمەڵایەتییەکان لەهەرێمی کوردستان لەلایەك و بێنازترین و کارلەسەرنەکراوترین تراژیدیای کۆمەڵایەتییە لەلایەکی دیکەوە، لەگەڵ ئەوەی سالانە ژمارەی قوربانییەکان هێندە زۆرن، ئازارەکان و هاوارو ناڵەناڵی جەستەو دەروون و ڕۆحیان و بۆنی گۆشت و جەستەی هەڵقرچاوی ئەم ژنانە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکانی سووتان، کەم کەس دەتوانێ لەڕووی ویژدان و دەروون و هەستییەوە لەنزیکیانەوە خۆی ڕابگرێ!

بەبڕوای من تا ئەم ساتەش هیچ یەکێك لە توێژو دەزگەو ناوەندە فەرمی و ئەکادیمی و پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان نەك هەر قۆڵ و باسکیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵنەکردووەو فۆکەسیان نەخستۆتە سەر چارەسەری ئەم تراژیدیا گەورە کۆمەڵایەتییە لەکوردستان، بەڵکو بەشێکی زۆری هەوڵ و جوڵەکان بوونەتە پاڵنەر بۆ تەشەنەکردن و هەڵکشانی ژمارەی قوربانییەکان!

لەم وتارەمدا تەنیا دەمەوێ بەپێی ئەزموونی کاری چەندین ساڵەم لەلایەك و ئەو دیراسە مەیدانییانەی ئەنجامم داون و ئەم ئەنجامانەی بۆم ڕوون بۆتەوە، بیخەمەڕوو، کە پێموایە دوورن لەو ئەنجامە سەرچیغییانەی خەڵکی ڕەشۆك بیستوویانە، دەشکرێ وەك پاڵنەرە تایبەتییەکان بیانناسێنین.

کێ بوون ئەو کچ و ژنانەی لەڕابردوودا پەنایان بۆ خۆسووتاندن بردووە؟

١- هەستکردن بە تەنیایی:

ونبوون و نەدۆزینەوەی ئەو دەرچەو ڕایەڵانەی کە پێویست و گرنگ بوون بەر لەتەقینەوەی ئازارە کەڵەکەبووەکان بیانگەیەنێ بە تروسکایی و کەناری هیواو هەستانەوە.

٢- هەوڵدان و باسکردنی پێشوەختەی خۆکوژی:

زۆرینەی خۆکوژەکان پێشتر بەهەر هۆیەك بێ هەوڵی پێشوەختەی دیکەیان هەبووە بۆ داپڵۆسینی جەستەیان، یان بۆ شێوازەکانی دیکەی خۆکوژی، بەڵام کەس گوێی پێنەداون.

٣- لەدەستدانی متمانە بە ئۆرگانە مەدەنی و فەرمی و یاساییەکان:

تا ئەم ساتەش نەتوانراوە متمانەیەکی بەهێز لەنێوان کێشەکانی خێزانی بەگشتی و گرفتەکانی پەیوەست بە ڕەگەزی ژن بەتایبەتی و ئۆرگانە مەدەنی و یاسایی و حکوومییەکان لەئاستی پێویستدا دروست ببێ، دروستنەبوونی ئەم بێ متمانەییەش قسەی زۆر هەڵدەگرێ و توێژینەوەی پێویستە.

٤- فۆبیای کەلتووری و ترس لەشکان و خۆشاردنەوەو ڕاکردن لێی:

هەمیشە فۆبیایەکی گەورە لەدیوی ناوەوەی کەسانی گیرۆدەبوو بە گرفتە خودییەکان ئامادەیی هەیە، بۆیە کەمینەی ژنان کێشەکانیان دەخەنە ژێر دەستی دامەزراوەو کەس و خزم و هاوڕێکانیان، چونکە ترسیان هەیە بە بڵاوبوونەوەی وردەکاری گرفتەکانیان کەسایەتییان پێی بشکێ و جارێکی دیکە نەتوانن قەرەبووی ئەو شکانە مەعنەوییە بکەنەوە.

٥- کەڵەکەبوونی لەسەریەکی کێشەکان و تەقینەوەیان لەدەرچەیەکی مەترسیداری خۆکوژیدا:

قەت ناکرێ بڕوامان بەوە هەبێ کە تەنیا یەك کێشەو دەمەقاڵێیەکی بچووك پاڵی بە ژنێکەوە نابێ تا ژیانی خۆی لەسەر زەوی بسڕێتەوە، یان وای لێبکات دەست بۆ نەوت و ئاگر ببات، بەڵکو کەڵەکەبوونێك و تێکپەستانێکی لەسەریەکی گرفتەکانە کە وادەکات لەکاردانەوەیەکدا کارەساتێکی لێبکەوێتەوە.

٦- دەستبردن بۆ ئاگر کاردانەوەیەك لەپێناو ڕاکێشانی سەرنجی کەسێك، یان چەند کەسێکی دیاریکراو:

زۆرینەی ژنان لەپێناو سڕینەوەی ناو و جەستەو کەسایەتی خۆیان لەسەر زەوی خۆیان ناسووتێنن، بەڵکو زیاتر بۆ گەیاندنی پەیامی هەستکردن بە غەدرو ستەمێکە بۆ ئەو کارەکتەرەی کەخۆی مەبەستیەتی و دەیەوێ ئاستی گەورەیی غەدرەکەی بەکاردانەوەیەکی لەناکاو نیشان بدات، بەڵام زۆرینەی جار لەپێناوی خۆکوشتندا نا، هەربۆیەشە زۆرینەیان بەرلە مردنیان هیوادەخوازن زەمەن و تەمەن بگەڕێتەوە بۆ دواوە، بەڵام پاشگەزبوونەوە دادیان نادات!

لەڕاستیدا بەدەر لەم پاڵنەرە خودییانەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردوون، هەندێ فاکتەری دیکەش هەن کە وایانکردووە نەتوانین بە ویست و هێزو ئەجێندای فرەڕەهەندەوە هەنگاو بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی قوربانییانی ئەم دیاردەیە بهاوێژین.

بۆ نموونە زۆرینەی ئەو ڕوماڵە میدیاییانەی لەڕابردوودا کراون بۆ زەقکردنەوەی ئەم دیاردەیە، وایانکردووە میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی دیاردەکە ئاشنا بکەن بەو کچ و ژنانەی کە پێشتر بیریان لەخۆکوژی نەکردۆتەوە، هەربۆیە دەگوترێ میدیا چەکێکی دووسەرە، هەم دەتوانێ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بهێنێتە کایەوە، هەمیش دەتوانێ لەبەریەك هەڵیوەشێنێ.

هەروەها من گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە ئیدی چەند بۆمان دەکرێ دەبێ لێرەوە بە میکانیزمی بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکانی خۆکوشتن بەگشتی و تراژیدیای خۆسووتاندن وەك شێوازێکی تایبەت لەخۆکوژیدا بچینەوە، هەر لەبڵاوکردنەوەی ژمارەی قوربانییانی ئەم دیاردەیە لەڕاپۆرتی ئامارەکاندا، تا دەگاتە ڕووماڵی میدیایی و شرۆڤەکردنی لەدیبەتی زانستی و گفتوگۆو چاوپێکەوتنی میدیاییدا، چونکە لە رابردوودا لەبری کەمکردنەوەو چارەسەرکردنی دیاردەکە، جۆرێك لە تۆوی هاندان و دروستکردنی ئارەزووی خۆکوژی لەنەستی ژندا موتوربەکراوە، لەپاڵ ئەوانەشدا ئەگەر دەمانەوێ فریای ئەو دۆخە تراژیدییە بکەوین، دەبێ ئیرادەمان هەبێ بۆ پێداچوونەوەی کۆی پڕۆژەو ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکان کە دروشمی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییان هەڵگرتووە.

* ماستەر لەکۆمەڵناسی

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# نەهێشتنی دیاردەی خۆسوتاندن پلان و کاری جددیتری پێویستە

سەرەرای ئاشنابوونی ئافرەتان بە ئەرک و مافەکانیان و بوونی چەندین یاسای ژنپارێزی، کەچی فشارە کۆمەڵایەتی و نەریتییەکان لەسەر ئافرەتان وایکردووە، زۆر جار پەنا بۆ هەڵەترین ڕێکاری خۆدەربازکردن بەرن، کە ئەویش خۆ لەناوبردن و خۆسووتاندنە، ئەوەش لە کاتێکدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی دامەزراندووە، کە شەش بەڕێوەبەرایەتی، ٢٦ نووسینگە، دوو سەنتەری راوێژکاری خێزانی لەخۆ دەگرێت، ژمارەیەک هۆبەش لەکەمپی پەنابەران کراونەتەوە، کە کار لەسەر نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی دەکەن، پلان و کاری جددیتری پێویستەو حکومەت و تاک بە تاکی هاووڵاتی دەبێت کاری بەپەلە و چڕتری بۆ بکەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.



سەرەتا چالاکی مافناس باران محەمەد دەڵێت: «بەداخەوە حاڵەتیکی نائاگاهانە کە ئێستا بوونی هەیەو خەریکە دەبێتە دیاردە لەکۆمەڵگەدا (بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە)، خۆسووتاندنی ئافرەتانە کە ئەمەش بۆ لێکتێنەگەیشتن و شینەکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکانی ژیانی رۆژانەیان دەگەڕێتەوە، کە بەبێ بیرکردنەوە لەدەرئەنجامی کارەکە، ئافرەتان راستەوخۆ پەنا بۆ ئەو حاڵەتە دەبەن. بێگومان خۆکوشتن تاوانەو ئەو تاوانە دەرحەق بەخود دەکرێت، ئافرەت، یان پیاو هەر کامیان پەنا بۆ ئەو تاوانە ببەن، تاوانێکی مەترسیدار ئەنجام دەدەن، بۆیە ئەگەر رێگەی لێنەگیرێت، مەترسیی بۆ نەوەی داهاتووش دەبێت و بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر ئەفکاریان بەجێ دەهێڵێت.» گوتیشی: «لەم دۆخەی ئێستادا کە قەیرانێکی دارایی بەرۆکی خیزانەکانی کۆمەڵگەی گرتووە، بێگومان ئەم حاڵەتانە، روو لە زیادبوون دەکات، چونکە خێزانەکان سەرەڕای کێشەکانی ژیانیان، کێشەیەکی دیکە بەرۆکیان دەگرێت، کە وەك هەمووان دەزانن نەبوونی و هەژاری گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر شیرازەی خێزانی، بەڵام سەرەڕای بوونی هەموو کێشەکانیش نابێت دەستەوەستان دانیشین و دەبێت رێگاچارەیەك بۆ ئەم حاڵەتانە بدۆزینەوە، بەتایبەتی لە رێگای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژییەکان ».

ئەو مافناسە خاڵی جەوهەری هۆشیاریی زیاتری خانمانەو دووپاتی دەکاتەوە کە «هەتا هۆشیاریی ئافرەتان زیاتر بێت، ئەوا رێژەی تاوانی خۆکوشتنیان کەمتر دەبێت .»

دەروونناس سامان سیوەیلی، سەبارەت یە هەمان پرس ئاماژە بەوە دەکات کە «کاتێك کەسێك بە پرۆسەی خۆ سوتاندن دا تێدەپەڕێت، ئەو کەسە خۆی لەخۆیدا قەیرانی دەروونی هەبووەو بەفشارێکی دەروونی بارگران بووە، بەڵام رێکاری زۆر هەن بۆ ئەوەی کەسی خۆکوژ لەو قەیرانە دەروونییە رزگار بکرێت. ئەوەش کاری جددی و پلانی تایبەتی حکومەت و میدیا و رێکخراوەکانی پێویستە، بۆ ئەوەی پێکەوە کار بۆ هۆشیاریی زیاتری تاکی کۆمەڵگە بکەن ».

ئەو دەروونناسە باسی ئەوەشی کرد کە بەشێك لەوانەی پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن، لەمردن رزگاریان دەبێت و دواتر رووبەڕووی زۆر کێشەی دیکە دەبنەوە .»

سیوەیلی جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «شانبەشانی چارەسەری جوانکاری بۆ کەسی سووتاو، پێویستە چارەسەری دەروونی بکرێت، چونکە ئەو کەسە خۆی لەخۆیدا گرفتی دەروونی هەبووە، لەبەر ئەوە پەنای بۆ خۆسووتان بردووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە کەسی سووتاو پێویستی بەچارەسەری دەروونی زیاترەو ئەگەر لەخێزانەکەیدا کێشەکی هەبێت، پێویستی بەچارەسەری خیزانی هەیە.» گوتیشی: «لە کوردستاندا تەنیا هەوڵی چارەسەری جوانکاری و تەندروستی دەدەن، بەڵام پێویستە شانبەشانی ئەو چارەسەرییە چارەسەری دەروونیش پێشکەش بکرێت، لەکاتێکدا ئەو کەسەی کە سووتاوە، یان خۆی سووتاندووە، ئەگەر چارەسەری پزیشکی و جوانکارییەکەی پێویستی بەشەش مانگ بێت، ئەوا چارەسەری دەروونی پێویستی بە دوو ئەوەندە کات هەیە.»

رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی سەمیرە حوسێن جاف، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە کۆمەڵگەی نێرسالاریدا هەمیشە چەمکەکان لەبەرژەوەندی پیاوان خوێندنەوەیان بۆ کراوەو نێرینە دەستی بەسەردا گرتووە، بۆ نموونە کاتێ ئابووری بەدەستی پیاوەوەیە بێگومان بەخۆڕایی نایبەخشێتە ئافرەت و لەبری ئەوە ئازادی لێدەسەنێتەوە، ئەگەر خێزانێك بە نموونە بهێنمەوە بە دڵنیاییەوە دەبینین زۆر جار ئافرەت چاوی بڕیوەتە دەستی باوك، برا، مێرد، کوڕ، تا بژێوی رۆژانەی بۆ دابین بکات و وا راهاتووە کە ئەگەر پیاو نەبێت، برسێتی و نەداری رادەستی زەلیلی دەکات، بۆیە رازی دەبێت بەناچاری سەربەخۆیی خۆی هەرزانفرۆش بکات، هەروەها کۆمەڵگەش لەچوارچێوەی خێزان سیستەمێکی جیاوازی پێ نییە، دەسەڵاتی پیاوسالاری ئەو خەونەشی پووچەڵ کردووەتەوە کە ئافرەت پێیوابوو گەر ببێت بە خاوەنی کار و پیشەی خۆی دەتوانێت سەروەریی خۆی بکڕێتەوە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتیش کە پیاو حوکمڕانی تیادەکات، دەستی بەسەر دامودەزگاو فەرمانگەکاندا گرتووە، تا شتێك لە ئافرەت وەرنەگرێت، کارێکی پێ نابەخشێت، هەرکاتێکیش بزانێ ئافرەت سەرکێشی دەکات، نانبڕاوی دەکات و دەینێرێتەوە نێو چواردیوارەکەی ماڵەوە، کێشە لەوەدایە پیاوان بە تەواوی ویژدانیان ئاسوودەن بە کردەوەکانیان دەرهەق بە ژنان .»

ئەو رۆژنامەنووسە لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەگەر مرۆڤ لە کەشێکی رەوا و دادپەروەرانەدا بژی و ژیانی بۆ دەستەبەر بکرێت، هەرگیز پەنا ناباتە بەر لەناوبردنی خۆی، کە ئەمە بۆ خۆی نیشانەی بێدەسەڵاتییە، بێدەسەڵاتی بەرامبەر ئەو ستەمەی لێی دەکرێ، کە لە سەرووی توانای خۆیەتی، بۆیە کاتێ ئافرەت پەنا دەباتە بەر خۆسووتاندن، کاردانەوەیەکی لۆژیکییانەی بۆ نییەو دەگاتە لوتکەی بێ ئومێدی و بە کوێرانە بۆی دەڕوات. هەر کەسێك کە لەژێر فشارێکی دەروونی و فیکری ناسرووشتییە، دەبێت بە چاوی کەسێکی نەخۆش سەیربکرێت و بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. چونکە مرۆڤ کە لەژێر کاریگەرییەکی ناڕەوا و ناسرووشتیدا دەبێت، چ پیاو بێ، یاخود ژن، پەنا دەباتە بەر یەکێك لە رێگەکانی لەناوچوون، یاخود ئازاردانی خود، کە خۆسووتاندن باوترینیانە و لەزیادبوونەو خەریکە لەقاڵبی دیاردەوە دەیباتە قاڵبی باو، بۆیە دەبینین یەکێك لەدەرەنجامەکانی توندوتیژی دژ بە مێینە، پەنابردنە بۆ خۆسووتاندن، کە گەورەترین هەڵەیەو تەنیا کەسی ناوشیار پەنای بۆ دەبات. بۆیە کاری جددی و بەپەلەی پێویستە بۆ بنبەستکردنی، یاخود کەمکردنەوەی بەلانیکەم.»

**کەسێک کە لەژێر فشارێکی دەروونی و فیکری ناسرووشتییە، دەبێت بە چاوی کەسێکی نەخۆش سەیربکرێت و بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

**خۆکوشتن تاوانەو ئەو تاوانە دەرحەق بەخود دەکرێت، ئافرەت، یان پیاو هەر کامیان پەنا بۆ ئەو تاوانە ببەن، تاوانێکی مەترسیدار ئەنجام دەدەن، بۆیە ئەگەر رێگەی لێنەگیرێت، مەترسیی بۆ نەوەی داهاتووش دەبێت**

**حکومەت هاوکاری تەواوی ماددی و مەعنەوی ئەو لایەنانە بکات تاوەکو بە هەموو شێوەیەک رێگا لەزیادبوونی رێژەی خۆسووتاندنی ئافرەتان بگرن، تا ئەو حاڵەتانە نەبێتە دیاردە**

**کاتێک کەسێک بە پرۆسەی خۆسوتاندن دا تێدەپەڕێت، ئەو کەسە خۆی لەخۆیدا قەیرانی دەروونی هەبووە بەفشارێکی دەروونی بارگران بووە**



گوتیشی «مارکس دەڵێ: توندوتیژی لەسەرەتای بەشەرییەتەوە بوونی نەبووە، واتە دیاردەیەکی (مکتسب)ـە. بۆیە خۆسووتاندن کە باوترین دیاردەی توندوتیژییە ئافرەت دەرهەق بەخۆیَ جێبەجێی دەکات، کردارێکە لە دەرەوەی ئەقڵ جێبەجێ دەبێت ».

د. نەریمان جاف پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە زانایانی دەروونزانی لە پێش هەموویانەوە فرۆید دەڵێت: لەناخی مرۆڤدا غەریزەی شەڕەنگێزی هەیەو سرووشتییە و بەسەریدا زاڵ دەبێت و بۆ کوشتن هانی دەدات، بەڵام زانایانی تری دەروونزانی کەسی خۆکوژ بە لاواز و خەمۆك ناودەبەن، واتە ئەوانەی لەبەردەم گرفت و کێشەکانی ژیان توانای خۆڕاگرتنیان نییە، ئیرادەیان لاواز و لە لایەنی دەروونیشەوە نەخۆشن، لەلایەکی دیکەوە زانایانی کۆمەڵناسی ئەم دەیەی دواییان ناوناوە (دەیەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان)، بۆیە دۆرکایم کە زانایەکی کۆمەڵناسییە لە لێکۆڵینەوەکەیدا هۆکاری کۆمەڵایەتی وەك خێزان و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان باس دەکات کە پەیوەستن بە خۆکوشتن، هەر بەپێی شیکاری زانایان خۆکوژی وەك دیاردەیەکی دەرونی ناوزەند دەکرێت، نموونەی:

- خەمۆکی (کەئابە) توێژینەوەکان زیاتر باسی ئەوە دەکەن کە قورسایی خۆکوشتن بۆ خەمۆکی دەگەڕێتەوە، ئەوانەی خۆیان دەکوژن (٨٠٪)یان تووشی خەمۆکی بوون.

- خۆبەکەم زانین (الشعور بالنقص) لە کەسانی تر خۆی بەکەمتر دەبینیَ، چی بەهۆی کەموکورتی ئەندامەکانی جەستەی بێ، یان بەهۆی بێبەشبوونی لەپێداویستی ژیان.

- مادە هۆشبەرەکان:کە لایەنی بیر و ژیری ئەو کەسە تێك دەچێت و پەنا دەباتە بەرخۆکوشتن.

- بوونی غەریزەی دوژمنکاری لای مرۆڤ: فرۆید پێیوایە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا لەململانێدایە و لەناخیدا پاڵنەرێك هەیە بۆ کاولکاری و کوشتن.

- تووشبوون بە نەخۆشیە ژیرییەکان: شیزۆفرینیا، بێ ئاگایی و نەخەملاندنی کارەکان لای ئەو کەسە کە ژیان بە رەشبینی و بێمانا سەیر دەکات.

خۆپاراستن لە خۆکوژی:

بێگومان چەند ڕێگەیەك هەیە بۆ ڕێگەگرتن لەخۆکوژی و چارەسەری ئەم دیاردەیە وەك:

چارەسەری دەروونی، پێویستە ئەو کەسە هێور بکرێتەوە و تێبگەینن لە هەڵسوکەوتی و باسی خۆکوژی بۆ بکەن کە دروست نییە و خوای گەورە پێی ناخۆشە و دەرچوونە لە دین و بۆ پاشەڕۆژ خراپە.

چارەسەری نەخۆشییە دەرونییەکان وەك خەمۆکی، ئەویش بە سەردانی پزیشکی دەرونی و بەخشینی ئیرادە بەو کەسە، وەك گۆتە دەڵێت: مەرجی سەرکەوتن بوونی ئیرادەیەکی بەهێزە.

مرۆڤ کاتێ بڕیاری خۆکوژی دەدات، دەگاتە دوائاستی بێ هیوا بوون، زۆر جار لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بێت کە کەسێك نییە یارمەتی بدات لە گوێگرتن لە خەم و ئازار و لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە .»

سەبارەت بە چارەسەری ئەو دیاردەیەش گوتی: «بەداخەوە هەتا دێت لە کوردستاندا ڕێژەی ئەو دیاردەیە زیاد دەکات و گەنجان و و بەتایبەتی خانمان لە کاتی تەنگژەی دەروونیدا پەنای بۆ دەبەن، خێزان و پەروەردە و قوتابخانە و مزگەوت، گرنگە ڕۆڵی خۆیان ببینن لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و پێویستیشە دامەزراوەی دەروونی زیاتر لە کوردستاندا بکرێنەوە .»

سەمیرە جاف پێیوایە دانانی ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بۆی هەیە ئەم دیاردەیە کەم بکاتەوە، ئەوەش لەم خاڵانەدا چڕدەکاتەوە:

١ــ دامەزراندنی سەنتەری تایبەت بە کێشەی خۆسووتاندنی ئافرەتان، کە کەسانی پسپۆڕ و دەروونناسی تایبەت بەم دیاردەیەی بۆ دابین بکرێ، ئامار و داتا و هۆکارەکانی بەدواداچوونی بۆ بکرێ سەرچاوەی ئەم کارەش لە ڕێی تیمی پسپۆڕ ئەنجام بدرێ.

٢ــ وتاری ئایینی و ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن بۆ وشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵ .

٣ــ دابینکردنی هەلی کار بۆ ئافرەتان.

٤ــ هاندانی کچان بۆ برەودان بە خوێندن و دابینکردنی هەلومەرجی گەنجاو بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکان .

بەپێی ئاماری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، زۆرترین ئاستی خۆکوشتن لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و باشووری ئاسیایە، لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، خۆکوشتن هۆکارێکی سەرەکی مردنە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O)، ساڵانە نزیکەی ٨٧٣ هەزار کەس بەهۆی خۆکوشتنەوە دەمرن. هەروەها نزیکەی ٢٠ ملیۆن هەوڵی خۆکوشتنی سەرنەکەوتوو هەیە. ١٠٪ی ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، دەمرن، ئەوانی دیکە دووچاری پێکانی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە.

هەر بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لە هەر خولەکێکدا دووکەس لە جیهاندا خۆیان دەکوژن، یان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن. بەراورد بە ساڵانی چلەکان، خۆکوشتن لە جیهاندا، بە ڕێژەی ٦٠٪ زیادی کردووە.



# ناپاکی لە ژیانی هاوسەریدا خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ

ناپاکیی هاوسەری لە سرووشتی پیاواندا چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ؟ ئایا پیاوان بە سرووشتی خۆیان ناپاکن لە ژیانی هاوسەریدا؟ بۆچی زیاتر پیاوان تووشی خەیانەتی هاوسەری دەبن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەردەگرین.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ناپاکیی هاوسەری بەگشتی و بەتایبەتی لەلایەن پیاوانەوە زۆرجار بۆتە مایەی مشتومڕ و تێڕامانی دەروونناس و کۆمەڵناسان، تەنانەت بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی دروست زۆرێك لە توێژەران کردوویانە بە بەشێك لە تەوەری توێژینەوەکانیان، یەکێك لەو توێژینەوانەش کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە،لە لایەن (ناوەندی توێژینەوەی خێزانی) لە شاری (دۆیسلدۆرف)ی ئەڵمانی بووە، گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتی بووە لەم خاڵانە:

١-ئافرەتان باڵیان بەسەر بیرکردنەوەی (٩٥٪)ی پیاواندا کێشاوە لە قۆناغەکانی (بیستەکان، سییەکان، چلەکان)ی تەمەنیاندا، بەجۆرێك لەهەر خولەکێکدا بۆ (٦) چرکە ئافرەتان بەسەر بیرکردنەوەی پیاواندا زاڵ دەبن.

٢-بەشێك لە پیاوان دەست لە مێبازێتی هەڵناگرن، هەرچەندە بە هۆیەوە دووچاری ئازار و کێشەش بووبن، هەر بۆیە (٦٦٪)ی پیاوان دووچاری ئالوودەبوون بوون لەسەر ئافرەت.

ئیبراهیم حاجی زەڵمی خاوەن بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی، رایوایە: «جوێکردنەوەی ئەوەی کە ئایا پیاو، یان ژن کامیان زیاتر تووشی لادان و تێکەڵبوون بە کارە نائەخلاقییەکان دەبن، کارێکی ئاسان نییە، سەبارەت بەوەش کە ئەنجامی توێژینەوەکان سەلماندوویانە پیاوان زیاتر تووشی خەیانەتی هاوسەری و لادانی ئەخلاقی دەبن، دەڵێت: «ئەو ئەنجامەی خراوەڕووە کە گوایە پیاوان زیاتر تووشی خەیانەتی هاوسەری و لادانی ئەخلاقی دەبن، بۆ خۆی ئەمە بەلای ئەو نەزعە ئایینی و سیستمە باوکسالاری، یان بەرپەرچە فیمینیزمییانەدا چوونە و تێکەڵبوونە بەو ئینفیعال و نازانستی چوونەدا کە ناڕاستەوخۆ دەیەوێت مرۆڤ بە تەواوی بکات بە دوو بەشەوە و بەسەر رەگەزدا لەتی بکات». گوتیشی: «ئەمڕۆ لە نێو جیهانی خۆرهەڵاتدا چۆن بە زۆر بەهای ئایینی و سیستمی باوکسالاری چەقی بەستووە و بەلای پیاودا بای دەداتەوە و رەگەزی ئافرەت بۆ مرۆڤی پلە دوو پیشاندراوە، هەروەها لە خۆرئاواش بە پەرچەکرداری ئەوەو بە ناوی زانست و مەدەنییەت و کۆمەڵێ شتی وەها هەیمەنەی فیمینیزم بەسەر تێزە مەعریفی و راگەیاندنەکانیدا بە ئاشکرا دیارە، هەر ئەوەش روخسارگیری زیاتر دەکات و لە ناخیشەوە حاڵی لە رۆژهەڵاتی لای ئێمە لە تێڕوانینی بۆ ئافرەت باشتر نییە. بەهەرحاڵ بە رای من کاتێك مرۆڤ، مرۆڤ بێت و کاریگەر بێت بێ جیاوازی بە پەروەردە و پێگەیاندن و ژینگە و کەلتوور و کۆمەڵگە و کاریگەر بە بەها و نەریت و ملکەچ بە نۆرم و عورف و یاسکان بێت».

ئیبراهیم حاجی زەڵمی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە «ژینگە و ژینگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان و لە کوێدا ژینگەی کۆمەڵایەتی بواری زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ تاکەکان بە کپکردنەوە و پەستان خستنەسەر، یاخود بەپێچەوانەوە فەزای زیاتر بۆ بەلای تێرکردنی غەرائیزدا چوون و تێرکردنی حەز و تێربوونی پێداویستییەکانی دیکەی مرۆڤ بە بێ ماندووبوونی زیاتری مێشك و جەستە، ئەو کات ئەو تاکە چ پیاو بێت، یان ژن تێکەڵاوی زیاتری دیاردەی لادان دەبێت».

تەوەرێکی دیکە کە ئەو کۆمەڵناسە دەیخاتەڕوو، پەروەردە و پێگەیاندنی تاکە لە سەر ئەو بەها باڵایانەی کە ئەم دیاردەیە بەرەو پووکانەوە و کەنارگیری دەبەن، هاوکات دەڵێت: «لێرەوە ئەوە کۆمەڵگەیە کە ئەو فەزایە دەخولقێنێت کە چەندی زیاتر و کام رەگەز زیاتر پابەندی فێرکردن و پەروەردە ئەخلاقی و بە دوو کەوتنی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بێت. بۆیە لای ئێمەی رۆژهەڵاتی و لای خۆرئاواش لە بەر ئەوەی ناخی کەلتوور و پەروەردەکەیان لە یەك دەچێت کە ئیستیغلالکردنی ئافرەتە بۆ رەگەزی نێر بە هەموو جۆرەکانی ئیستیغلال، بۆیە جیی خۆیەتی لە ئەوروپاش هەمان شێوە دەستی ئیستیغلالی پیاو بۆ ژن زیاتر بێت».

کەسایەتی ئەکادیمی و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە زانستە سیاسییەکان دڵشاد نامیق، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە بڕوای من ئەوە پەیوەندی هەیە بە چەند هۆکارێکی جیاوازەوە، لەوانە پێکهاتەی کەسایەتی پیاو، بەتایبەتی ئەو پیاوانەی کە خێزاندارن و کەسایەتیەکی ناجێگیر و ناتەواویان هەیە، جا لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی هاوسەردا سەرکەوتوو نەبوون، ئیتر بەهەر هۆکارێك بێت، ئەوەش بووە بە گرێیەکی دەروونی لەلایان، هەمیشە بەدوای دەرەوەی ئافرەتی ترن و ناتوانن تەواوی خۆشەویستی خۆیان ببەخشنە هاوسەرەکانیان، یەکێکی دی لە هۆکارەکان چۆنێتی تێڕوانینی پیاوی کوردە بۆ ئافرەت، کە بە چاوی چێژەوە دەڕوانێتە ئافرەت و تەنها وەك هۆکارێکی تێرکردن و چێژ لێوەرگرتن تەماشای دەکات، ئەمەش وادەکات حەزی تاقیکردنەوەی زۆرترین ئافرەتی هەبێت، بەداخەوە ئەمەی دواییان تەنانەت لە ناو توێژی رۆشنبیری کوردیش خەریکە لەحاڵەتەوە دەبێتە دیاردە.

دڵشاد نامیق، یەکێك لە هۆکارەکانی دیکەی خەیانەتی هاوسەری بۆ «نەبوونی متمانە لەلایەن ئافرەتەوە بە خودی خۆی» دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «ئافرەت زۆر زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەری رەگەزی بەرانبەرەوە، ئەمەش رەنگە بە هۆی پێگەی ئافرەتەوە بێت لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، کە بێگومان پێگەیەکی لاوازە و رێگەی خۆشکردووە بۆ ئەوەی پیاوان هەمیشە بەدوای ئەوەوە بن زیاتر لە ئافرەتێك بخەنە داوی خۆیانەوە، ئیتر هەریەکە و بە بیانوو، یان هۆکارێکی جیاوازە، لە فریودانی داراییەوە بگرە هەتا خۆهەڵکێشان بە بڕوانامە و پۆستی باڵای حکوومی و حیزبی کە وەك تۆڕێك بۆ لەخشتەبردنی ئافرەت بەکاری دێنن.

حەسەن ساڵح قەرەداخی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەو سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە هۆکارەکان زۆرن بۆ خیانەتی پیاوان بەرامبەر بە هاوسەریان و هاوکات دەڵێت: «رەنگە یەکێك لە هۆکارەکان سروشتی نێرینە بێت بە هەموو گیاندارەکانیشە کە زیاتر بۆ سێکس گۆڕکێ بڕۆن بۆ ئەوەی زۆرترین جووتبوون و تەکاسور بکەن، بەتایبەتی پیاوان کە هێزی یاخیبوونیان زیاترە، بۆیە زیاتر بە دوای ئارەزووەکانیان دەکەون».

حەسەن ساڵح سیستمی کۆمەڵایەتی و ئایینی و کەلتووریش بە هۆکار دەزانێت بۆ ئەوەی پیاو زیاتر ئارەزووی سێکس گۆڕین بکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەوە سروشتی زۆربەی نێرینەکانە بە هەموو گیانلەبەرەکانەوە، گوتیشی: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کاتی تەقینەوەی بازنە داخراوەکانە، لەوانە خێزان و پیاویش لە ژن باڵادەستترە لە دەرەوەی ماڵە و پارەی پێیە و کاتی هەیە، بۆیە وا دەبیندرێت کە تەنها پیاوە ئەو کارانە دەکات، بەڵام لە راستیدا ژنیش هەیە دێتە دەرەوە و زۆربەی بەها کۆمەڵایەتییەکان تێکدەشکێنێ، بەڵام زیاتر پیاوان خۆیان دەست دەکەن بە شکاندنی دەرگای ماڵەکانی خۆیان و هەر خۆیان دەرگای ماڵەکانی ژنەکانی دیکەش دەشکێنن، پاشان ژنەکانیش دێنە دەرەوە و خەیانەتی هاوشێوە دەکەن و ئەو تەقینەوەانە دروست دەکەن، ئەمە چارەنووسی هەموو کۆمەڵگەیەکی داخراوە».

ئەو ئەنجامەی خراوەڕووە کە گوایە پیاوان زیاتر تووشی خیانەتی هاوسەری و لادانی ئەخلاقی دەبن، بۆ خۆی ئەمە بەلای ئەو نەزعە ئایینی و سیستمە باوکسالاری، یان بەرپەرچە فیمینیزمییانەدا چوونە و تێکەڵبوونە بەو ئینفیعال و نازانستی چوونەدا کە ناڕاستەوخۆ دەیەوێت مرۆڤ بە تەواوی بکات بە دوو بەشەوە و بەسەر رەگەزدا لەتی بکات

ئەوە کۆمەڵگەیە کە ئەو فەزایە دەخولقێنێت کە چەندی زیاتر و کام رەگەز زیاتر پابەندی فێرکردن و پەروەردە ئەخلاقی و بە دوو کەوتنی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بێت

ئەمڕۆ لە نێو جیهانی خۆرهەڵاتدا چۆن بە زۆر بەهای ئایینی و سیستمی باوکسالاری چەقی بەستووە و بەلای پیاودا بای دەداتەوە و رەگەزی ئافرەت بۆ مرۆڤی پلە دوو پیشاندراوە، هەروەها لە خۆرئاواش بە پەرچەکرداری ئەوەو بە ناوی زانست و مەدەنییەت و کۆمەڵێ شتی وەها هەیمەنەی فیمینیزم بەسەر تێزە مەعریفی و راگەیاندنەکانیدا بە ئاشکرا دیارە